دۆلار بەنرخی فەرمی بەحاجیان دەفرۆشێت

بانکی ڕەشید و ڕافیدەین دەستیان کردوە بە فرۆشتنی دۆلار بە حاجیان بە نرخی فەرمی، هەر حاجییەک دو ڕۆژ یان ڕۆژێک پێش گەشتەکەی بۆ سعودیە دەتوانێت بڕی سێ هەزار دۆلار بە نرخی فەرمی بکڕێت، هەر 100 دۆلارێکیش بە 132 هەزار دینار دەبەت.

بانکی ڕافیدەین لە ڕاگەیەنراوەکدا باویکردوە، بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندی لە ئاسانکاری پێیداکردنی دۆلار بە حاجییان، بانکی ڕافیدەین دەست بە پرۆسەی فرۆشتنی دۆلار بە حاجیان بە نرخی فەرمی دەکات.

لە ڕاگەیەنراوی بانکی ڕافیدەین ئاماژە بوەشکراوە، نرخی هەر 100 دۆلارێک بە حاجیان بڕامبەر بە 132 هەزار دینار دەبەت، هەر حاجییەکیش دەتوانێت بڕی سێ هەزار دۆلار بە یەکجار بکڕێت.
لەلایەکی دیکەوە بانکی ڕەشید ڕایگەیاند، فرۆشتنی دۆلار هەمو حاجییان دەگرێتەوە، جا بە فڕۆکە گەشت بکەن یاخود بە پاس، پێویستە لە ڕگەی سکەی